# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەستی مەسحكرد بەسەر ڕوومدا ونزای بۆمكرد

لە ئەبی زەیدی کوڕی ئەختەبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەستی مەسحكرد -هێنای- بەسەر ڕوومدا ونزای بۆمكرد»، عەزرە (یەكێك لە گێڕەرەوەكانی فەرموودەكە) دەڵێت: «(ئەبی زەید) سەد وبیست ساڵ ژیا وقژی تەنها (ژمارەیەكی كەم) مووی سپی تێدا بوو».
[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەستی مەسحكرد -هێنای- بەسەر ڕووی ئەبی زەیدی کوڕی ئەختەبی ئەنساڕی -ڕەزای خوای لێبێت-، ونزای بۆی كرد، ولە گێڕانەوەیەكدا ئەم نزایەی بۆی كرد: (اللهم جمِّله، وأدِم جماله) واتە: (خودایە، جوانی بكە، جوانیەكەی بەردەوام بێت)؛ بە مانای ئەوەیە بە درێژی تەمەنی جوان بێت هەتاوەكو دەمرێت، عەزرە (یەكێك لە گێڕەرەوەكانی فەرموودەكە) دەڵێت: ئەبی زەید سەد وبیست ساڵ ژیا وقژی تەنها ژمارەیەكی كەم مووی سپی تێدا بوو. ولە گێڕانەوەیەكدا: ڕووی (ئەبی زەید) ساف بوو هیچ چرچی وتێكچوونێكی تێدا نەبوو، هەتاوەكو مرد؛ ڕووی بەم شێوەیە بوو، ئەمیش بەهۆی بەرەكەتی نزای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ودەستهێنانی بەسەر دەموچاویدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10955

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee